# شانۆی منداڵ لە سوێد

د. فازڵ جاف
(سوێد)

(٣ - ٣)

لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا پێگەی شانۆی منداڵ لە کۆمەڵگەی سوێدیدا، پانتاییەکی بەرینی داگیر کرد و لە تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکاندا گفتوگۆ و مشتومڕێکی فراوانی لێکەوتەوە. تیپە سەربەخۆکان، کە لە سەرانسەری شارەکانی سوێددا چالاک بوون، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە پێشکەشکردنی نمایشی شانۆیی بۆ منداڵان هەبوو، چ لە قوتابخانەکان و چ لە دەرەوەی قوتابخانەکاندا.

هەرچی شانۆ گەورەکان بوون، بەدەگمەن نمایشیان بۆ منداڵان پێشکەش دەکرد، ئەمە بە بەراورد لەگەڵ ئەو تیپە سەربەخۆ بچووکانە، کە بەردەوام سەردانی قوتابخانەکانیان دەکرد و هەر لەوێ شانۆگەرییەکانیان بۆ قوتابییەکان نمایش دەکرد.

ڕەنگە ئەو دەستپێشخەرییەی کە شانۆیەکی گەورەی وەک شانۆی شار Göteborgs stadsteater لە یۆتۆبۆری کردی، لەو کاتەدا هەنگاوێکی کەم وێنە بووبێت. دەستپێشخەرییەکە بەم جۆرە بوو: کۆمەڵێک ئەکتەری خۆبەخش گرووپێکیان پێکهێنا، مەبەستیان ئەوەبوو بەرهەمەکانیان تەنیا بۆ منداڵان نمایش بکەن، «شانۆنامەی «هیندییەکانی ڕۆژهەڵات» یەکەم بەرهەمیان بوو. گرووپەکە پشتیان بە ڕووداوە مێژووییەکان بەستبوو، واتە مێژوو کەرەستەی سەرەکی شانۆنامەکانیان بوو، ئەوان بە پلەی یەکەم باسیان لە چۆنیەتی دابەشبوونی دەسەڵات لە نێوان دەسەڵاتدار و خەڵکدا دەکرد. ڕۆژنامەکان بە چڕی و بە وردی ناوەڕۆک و پەیامی شانۆنامەکەنیان تاووتو دەکرد، هەر نووسەرێک بەپێی سیاسەت و ئاراستەی ئایدیۆلۆژی گۆڤارەکە، ڕاستڕەوانە، یان چەپڕەوانە، ڕای خۆی دەردەبڕی، سەرەڕای هەموو ئەو مشتومڕانە، کە دەربارەی پەیامی شانۆنامەکە دەکرا، نمایشەکە وەک بەرهەمی کاری هەرەوەزی ئەکتەرەکان لە ئەنجامدا سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا».

Svensk barnteater i historiskt perspektiv, Karin Helander. لاپەڕە ٣١

بە کورتی، «شانۆی سیاسی منداڵان ئامانجێکی پەروەردەیی ئاشکرای هەبوو: ئامانجی پەروەردەکردنی منداڵان بۆ ئەوەی هۆشمەند بن و تاڕادەیەک ئاگاداری بارودۆخی جیهان بن و هاودەنگ و هاوسۆزی قوربانیانی

ستەم و ناڕەوایی و نادادوەری بن، هەروەها لە بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بێئاگا نەبن».

لە هەمان کاتدا نمایشی تیپە سەربەخۆکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە هاندانی شانۆ گەورەکان، بۆ پێشکەشکردنی نمایشی منداڵان هەبوو، هاوکات ئەو پاڵپشتییە داراییەی کە بۆ شانۆی منداڵ تەرخان کرابوو، هۆکارێکی دیکە بوو بۆ هاندانی شانۆکاران تا کار بۆ گەشەپێکردن و پێشخستنی شانۆی منداڵ بکەن، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم هەنگاوە پتر هانی شانۆکاران، بەتایبەتی درامانووسان و دەرهێنەرانی دا بۆ کارکردن لە شانۆی منداڵان، بەتایبەتی دوای ئەوەی کارئاسانییەکی باش بۆ تیپەکان کرا، بە مەبەستی ئەوەی بتوانن بە ئاسانی نمایشەکانیان لە قوتابخانەکاندا نمایش بکەن، بۆیە میکانیزمی کارکردن لە شانۆی قوتابخانەدا، لەچاو قۆناغی پێشووتر ئاسانتر کرا .

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی ڕۆشنبیریی سوید ڕووی دا، ئەوەبوو شانۆی منداڵان چیتر لە ڕۆژنامەکان و دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندن هەمان بایەخ و پێگەی جارانی نەما. شانۆی منداڵان چیتر لە سیاسەتی فەرهەنگیی وڵاتدا ئەو پێگە گرنگەی جارانی نەما، تەنانەت وەزیری دەوڵەت Thorbjörn Fälldin توربیوێرن فێلدین، ئەندامی پارتی پارێزگاران، کە بەشداری کۆنفرانسی شانۆی نیشتمانی کرد، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پێویستە چاودێری شانۆی قوتابخانەکان بکرێت. فێلدین هۆشداری دا کە پێویستە لە نمایشکردنی ئەو نمایشانەی کە ناوی لێ نابوون «لادان لە شانۆی منداڵان» ئاگادار بن، بە پاساوی ئەوەی گوایە نمایشەکان بیرۆکەی چەپیان تێدایە.

هەر لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووشدا، کۆمەکی شانۆییەکانی منداڵان، بەتایبەتی بەرهەمی تیپە سەربەخۆکان، تا دەهات کەمتر دەکرانەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر چەندایەتی و کوالێتی بەرهەمە شانۆییەکان هەبوو. تیپە سەربەخۆکان و گرووپە بچووکەکان لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە کولتوورییە نوێیە دۆڕاوی سەرەکی بوون، بەڵام لە بەرانبەردا شانۆ گەورەکان، شانۆ فەرمییەکانی سەر بە دەوڵەت، کۆمەکی دارایی زۆر باشیان بۆ نمایشەکانیان وەردەگرت، ئەوانەی کە بۆ منداڵان تەرخان کرابوون، بە واتایەکی تر، سیاسەتی ڕۆشنبیری نوێ جەختی لەسەر پشتگیریکردنی شانۆی منداڵان دەکرد، بەڵام تەنیا ئەو نمایشانەی کە لەلایەن شانۆ دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە پێشکەش دەکران، ئەوانەش لەلایەن شارەوانییەکانی دەوڵەت و شارەکانەوە کۆمەکی داراییان بۆ دابین دەکرا. بۆ نموونە شانۆی ئونگا کلارا Unga Klaraکە سەر بە شانۆی شارە لە ستۆکهۆڵمStockholms stadsteater، لە ساڵی ١٩٧٥ـەوە کۆمەکی دارایی بەردەوامی وەرگرتووە و تا ئەمڕۆش نمایشەکانی بۆ منداڵان و گەنجان پێشکەش دەکات. شانۆی ئونگا کلارا مۆدێلێکی سەرکەوتووی شانۆی دامەزراوەیی منداڵانە.

ئەم شانۆیە ڕێبازێکی تایبەت بە منداڵان و گەنجان پیادە دەکات، ئونگا کلارا دروشمی بەرنامەی هونەری ساڵی ٢٠٢١ی خۆی بەم شێوەیە داڕشت: «ڕوانگەی منداڵان = شۆڕش»، هەروەها لە بەرنامەی شانۆکەدا نووسراوە: «منداڵان و گەنجان مافی خۆیانە چێژ لە بەرزترین کوالێتی هونەری شانۆ وەربگرن، بۆ ئەم مەبەستەش شانۆی ئونگا کلارا، لە ڕوانگەی منداڵەوە، درێژە بە سۆراخ و لێکۆڵینەوەکانی دەدات، چاویشمان لەسەر منداڵانی ئایندەیە. لە میانەی کارکردنمان، لە کاتی پرۆسەی هونەریدا بەردەوام گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵگە و بینەر دەکەین. کارە هونەرییەکانی شانۆی ئونگا کلارا و نمایشە پەروەردەییەکانی، لە مێژووی شانۆی هاوچەرخی سویددا، بۆ منداڵان و هەرزەکاران بە

بەشێکی گرنگ دادەنرێت. لە ساڵی ٢٠١٨ـەوە ئەم شانۆیە وەک شانۆی نیشتمانی بۆ منداڵان و گەنجان تەرخان کراوە.

نمایشەکانی شانۆی ئونگا کلارا لەلایەن ژمارەیەکی زۆری منداڵانەوە تەماشا دەکرێن، منداڵان دوای بینینی شانۆنامەکان ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ تاقمی شانۆگەرییەکە دەکەن. ڕای منداڵەکان و بۆچوون و پێشنیازەکانیان بە هەند وەردەگیرێن و کاریان لەسەر دەکرێ. بیروڕا لە نێوان منداڵەکان ( بینەران) و کاستی ئەکتەرەکان و دەرهێنەر و نووسەر و دراماپێداگۆگ، ڕۆڵێکی کارای لە گەشە و پەرەپێدانی نمایشەکاندا هەیە. گۆڕانکارییەکان هەندێک جار دەقی شانۆنامەکە، تەنانەت پێکهاتەی دراماتیکیی نمایشەکەش دەگرێتەوە. ئەم شێوازە بەگشتی شەقڵێکی دینامیکی و وزەیەکی نوێ بە شێوازی کارکردنی ئەکتەرەکان دەبەخشێ.

شانۆی ئونگا کلارا لەسەر ئاستی فیکر و هزر، لە زۆربەی نمایشەکانیدا باس لەو کێشە و پرسە کۆمەڵایەتییانە دەکات، کە لە ئەنجامی چەوساندنەوەی ژنان و بیر و بۆچوونی ڕەگەزپەرستانە و توندوتیژی و دەمارگیرییەوە سەرهەڵدەدەن. ئونگا کلارا داوای ڕێزگرتن لە فرەچەشنی و فرەکولتووری و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکات.

دەرهێنەر و نووسەر و دراماپێداگۆگ Suzanne Osten سوزان ئۆستین، دامەزرێنەر و دەرهێنەری هونەریی شانۆی ئونگا کلارا، پێشەنگێکی بەناوبانگی شانۆی منداڵانە لە سوێد، ئوستین تا ساڵی ٢٠٢١ هەر خۆی بەڕێوەبەر و دەرهێنەری سەرەکی و یەکەمی شانۆکە بوو، دواتر دوو دەرهێنەری گەنج لە ئەندامانی ئونگا کلارا دەستیان بەسەر شانۆکەدا گرت و ئێستا ئەوان بەڕێوەی دەبەن.

بەکورتی، شانۆی ئونگا کلارا هەر هەمان نەریتی سوێدی لە شانۆی منداڵاندا- گواستنەوەی نمایشی شانۆیی بۆ ناو قوتابخانەکان- پەیڕەو کردووە، ئەمە جگە لە سازدانی وۆرک شۆپ و کۆڕ و گفتوگۆ لە کۆتایی نمایشەکاندا. وۆرک شۆپەکان، بە شێوەیەکی گشتی، بە بابەتگەلێک دەست پێ دەکەن کە لە شانۆنامەکانەوە سەرچاوە دەگرن. لە وۆرک شۆپەکانی ئونگا کلارادا، تەکنیکەکانی ئیمپرۆڤیزەکردن (improvisation) و تەرکیزکردن (consentartion) دەگوترێتەوە، ئەمە بێجگە لە سازدانی خولی نووسین و سەما و جووڵە.

## ڕێچکەی دەروونزانی لە شانۆی منداڵانی سوێددا

لە ساڵانی حەفتاکاندا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە شانۆی سوێددا بە گشتی و لە شانۆی منداڵاندا بە تایبەتی هاتە کایەوە، ئەم گۆڕانکارییە بەتایبەتی ناوەڕۆکی شانۆنامەکانی گرتەوە، بە ئەندازەیەک کە چەندان بابەتی نوێ بوون بە کەرەستەی شانۆنامەکانی ئەو سەردەمە، ئەمەش لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە خێراکانی ناو کۆمەڵگەوە ڕووی دا کە کاریگەرییان لەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک هەبوو. حەز و ئارەزووی شانۆنامەنووسان بۆ خستنەڕووی بیرۆکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی چەپڕەوانەوە، لە چاو جاران، کەمتر لە برەودا بوو، لە بەرانبەردا درامانووسان گرینگییەکی زۆریان بە باری دەروونی کەسایەتییەکان دەدا، ئەوەبوو دەروونزانیی جێگەی بیری چینایەتی چەپڕەوانە گرتەوە.

هاوکات هەر لەو سەردەمەدا کتێبی (The Uses of Enchantment بەکارهێنانەکانی جادوو)ی Bruno Bettelheim برۆنۆ بێتێلهایم لە ساڵی ١٩٧٩دا بە زمانی سوێدی چاپ کرا. ئەو کارە ئەدەبییە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شانۆی منداڵان هەبوو. نووسەری کتێبەکە

تیشـکی خسـته سـەر ڕۆڵ و گرنگیـی چیـرۆک گێڕانـەوە و حیکایەتخوانی لـە کاراکردنی ئەندێشـە و فەنتازیـا و گەشـەکردنی منداڵانـدا. بێتێلهایـم دەڵێـت: «کاتێـک منـداڵان چیرۆکـی ئەفسـانەیی دەبیسـتن، یـان دەیانخوێننـەوە، ڕووبـەڕووی پرسـیارە بوونگەرییـەکان دەبنـەوە، بەمـەش ڕێگاکانـی چارەسـەرکردنی کێشـە ناوەکییەکانـی خۆیـان دەدۆزنـەوە». ئـەو میکانیزمـەی کـە لـە شـانۆی سیاسـی ڕادیکاڵـدا بەکارهاتـووە، کـە لەنـاو پێکهاتـەی چیرۆکەکـەدا ئەوەنـدە گرنـگ بـووە - دەوڵەمەنـد و هـەژار، هێـز و لاوازی، منداڵانی بێنـەوا و لاواز- دووبـارە دەبنـەوە، بـەڵام لـە شـێوەی وێنـەی هونەریـی سەرنجڕاکێشـدا. بـە پشـبەسـتن بـە ڕێنماییەکانـی کتێبەکـەی بێتێلهایـم سـەبارەت بـە چۆنیەتـی ڕەفتارکـردن لەگـەڵ جیهانـی چیـرۆک و داسـتان ئەندامانـی شـانۆی ئونـگا کلارا کاریـان لەسـەر داسـتان و چیـرۆک دەکـرد و بـەردەوام ڕاهێنانیـان لـە سـەر هونـەری گێڕانـەوە و حیکایەتخوانـی دەکـرد، ئـەم تەکنیکـە نوێیـە لـە تەکنیـک و شـێوازی نواندنـی ئەکتەرەکانـدا ڕەنگـی دایـەوە، بـەوەی کـە ڕاسـتەخۆ چیرۆکەکانیـان تێکـەڵ بـە دراما و مۆرکـی شانۆسـازی دەکـرد.

هـەر لـەو ماوەیـەدا نووسـەرانی دیکـە سـەریان هەڵـدا، کـە کاریگەرییەکـی قووڵیـان لەسـەر پەرەپێدانـی شـێوازی نمایشـی ئەکتەرانـی شـانۆی ئونـگا کلارا هەبـوو، ئـەم نووسـەرانە لـە دەرەوەی بـواری شـانۆ دەیاننووسـی، بـەڵام هـزر و بۆچوونەکانیـان بـۆ شـانۆی منـداڵان گرنـگ بـوو، بەتایبەتـی بەرهەمی پسـپۆڕانی بـواری دەروونزانیی منـداڵ، لـە سـەرووی هەمووانـەوە، نووسـینەکانی Alice Millers ئەلیس میلـەر، کـە ڕۆڵـی سـەرەکی لـە گەڵاڵەکردنـی دیدگـەی دەرهێنـەر سـوزان ئوسـتین، سـەبارەت بـە چۆنیەتـی گونجاندنـی ڕێبـازی دەروونـی بـۆ شـانۆی منـداڵان هەبـوو.

شانۆنامەی «Hitlers bandom منداڵیی هیتلەر»ی (Niklas Rådström نیـکلاس ڕۆدسـترێم) نموونەیەکـی دیـاری ئـەم شـێوازە دەروونییەیـە. شـانۆنامەکە بـاس لـە سـەردەمی منداڵیـی هیتلـەر دەکا، کـە چـۆن بـە منداڵـی تووشـی ئەشـکەنجە و توندوتیـژی هاتـووە، چۆن ئـەم توندوتیژییـە کاری کردووەتـە سـەر دەروون و کەسـایەتی هیتلـەر و ئـەو دیکتاتـۆر و شـەڕخوازە کەم وێنەیـەی لێ دەرچووە. شـانۆنامەکە هـاوکات بۆ منـداڵان و بۆ گـەورەکان نمایـش کـرا.

بابەتـی شـانۆنامەی Flickan, mamman och soporna «کـچ و دایـک و خاشـاک» کـە لـە کتێبـی ژیاننامـەی «دایـک و کـچ و خاشـاک»ی سـوزان (ئوستین)ـەوە وەرگیـراوە، نموونەیەکـی دیکـەی شـانۆی دەروونییـە. ڕووداوەکانـی شـانۆنامەکە، وەک زۆربـەی زۆری شـانۆنامە دەروونییـەکان، لەنـاو ئەندامانـی خێزانـدا ڕوو دەدەن. لـەم شـانۆنامەیەدا دایکێکـی نەخـۆش و بیمـار کەسـایەتی سـەرەکییە، ئەرکـی ئـەم دایکـە ئەوەیـە ئـاگاداری کچـە تاقانەکـەی بێـت کـە بێئەنـدازە هۆگریەتـی و پێویسـتی پێیەتـی. کچەکە هەسـت بـە تەنیایـی و خەمۆکـی دەکات، بۆیـە پێویسـتی بـە دڵنەوایی و هاوسـۆزی و چاودێرییـە، بـەڵام ئـەم دایکـە هەرچی دەکات ناتوانـێ ئەرکـی دایکێتـی بەجـێ بێنێـت، چونکـە خـۆی گیـرۆدەی نەخۆشـییەکی دەروونـی سـەخت بـووە و لەبـەر ئـازاری نەخۆشـییەکەی ناتوانـێ بـە ڕێکوپێکـی و وەک پێویسـت، ئـاگاداری کچـە تاقانەکـەی بێـت و چـاوی لـێ بێـت و یارمەتـی بـدات.

شـانۆنامەکانی شـانۆی ئونـگا کلارا بەگشـتی تیشـکیان خسـتووەتە سـەر ڕەهەنـدی دەروونـی لـە چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـانەی کـە لـە ئەنجامـی گرژبوونـی پێوەندییـە ئاڵۆزەکانـی نـاو خێزانـەوە کاردانـەوەی نەرێنـی لەسـەر گەشـەکردنی منـداڵ دروست دەکـەن. گرنگیـدان بـە ڕەهەنـدی دەروونی لـە نمایشـەکانی ئوسـتین، بەتایبەتـی دوای

پێشکەشکردنی شانۆنامەی (مێدیا) بە شێوازێکی نوێ و ڕوانگەیەکی هاوچەرخەوە، گفتوگۆیەکی گەرمی لە نێوان ڕەخنەگران و دایک و باوکاندا لێ کەوتەوە. لە گفتوگۆکانی پاش هەر نمایشێک، چەند جارێک ئەم پرسیارە دووبارە دەکرایەوە: داخوا چارەسەرکردنی ئەم جۆرە پرسانە لە شانۆی منداڵاندا کارێکی گونجاو و سوودبەخشە!

نووسەرێکی دیکە کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شانۆنامەنووسانی سوێدی هەبوو، پزیشکی دەروونی و نووسەری ئینگلیزی (Ronald Laing ڕۆناڵد لەینگ)بوو. بە گوتەی لەینگ «خێزان وەک دامەزراوەیەکی سەرکوتکەر هەڕەشە لە منداڵان و گەنجان دەکات، ئەم تێڕوانینە کاتی خۆی کاریگەری لەسەر زۆر لە منداڵان و گەنجانی سوێدی هەبوو»، تا ئەو ڕادەیەی کە گەنجان چوارچێوەی خێزانیان وەک زیندانێکی بچووک دەبینی، ئەم بابەتەش بۆ ماوەیەک بووبوو بە تەوەرێکی سەرەکی لە شانۆی منداڵان و گەنجاندا. ئەم ڕوانگەیە بۆ خێزان و ڕۆڵی ڕووخێنەری لە پەروەردەی منداڵدا لە کۆمەڵگەی سوێددا دیاردەیەکی نوێ بوو. بۆ نموونە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا خێزان لە شانۆی سوێدیدا وەک پێکهاتەیەکی نموونەیی باڵا تەماشا دەکرا، بەڵام ئەم تێڕوانینە لە حەفتاکاندا بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەردا هات، ئەوەبوو وەک باسمان کرد، خێزان وەک دەزگایەکی سەرکوتکەر وێنا دەکرا، بە ئەندازەیەک کە منداڵ و گەنج هیچ چارەیەکی تریان نەبوو، جگە لەوەی لە دایک و باب یاخی بن، تەنانەت لە سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەیان و هەوڵ بدەن خۆیان ڕزگار بکەن، ئەم خۆ ڕزگارکردنە لەوپەڕی بێئومێدیدا، بەداخەوە شێوەی خۆکوشتنی وەردەگرت.

هەر لەم قۆناغەدا، چەند شانۆنامەنووسێک لە شانۆنامەکانیاندا باسیان لە مردن و لێکدابڕان و لێکترازان و لەیەکدی جوودابوونەوەیان دەکرد. بۆ نموونە جیابوونەوە لە یەکتر و لەدەستدانی ئازیزەکان لە شانۆی منداڵانی سوێدی حەفتاکاندا جێی بایەخ بوون. نموونەیەکی باشی ئەم جۆرە شانۆگەرییە، شانۆنامەی «Lillebror och Storebror برا بچووک و برا گەورە»ی Staffan Westerbergs ستیفان وێستەربێرگ ـە. بە پشتبەستن بە ئەزموونی نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەر ستیفان وێستەربێرگ، کە برا گەورەکەی لە ڕووداوێکدا لەدەست دا، شانۆنامەکە بۆ ئەو منداڵانەی کە تەماشایان دەکرد، خەمناک و دڵتەزێن بوو. هەستی تەنیایی منداڵ لە دوای جیابوونەوە و جیابوونەوەی دایک و باوک، هەروەها ژیانی منداڵ وەک خوێندکار لە قوتابخانە و پێوەندییەکانیان لەگەڵ کەسانی دیکە، تەوەری باوی شانۆی منداڵان بووە. شانۆنامەی «شەوێکی شوبات» لە نووسینی ستیفان گۆتێیر بە باشترین نموونەی ئەم جۆرە دەقە شانۆییە دادەنرێت. شانۆنامەکە ئازارەکانی منداڵێک بەرجەستە دەکات کە هەست بە تەنیاییەکی کوشندە دەکات. تایبەتمەندێتیی شانۆنامەکە لەوەدایە کە پاڵەوانەکەی (منداڵەکە) نابینرێت؛ تەنیا لەلایەن هاوڕێکانییەوە باسی دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی نمایشەکە ئامادەییەکی بەهێزی هەیە.

هۆگریی شانۆنامەنووسانی منداڵان و نووسەرانی ئەدەبی منداڵان بۆ تەوەرە تراژیدییەکانی لە چەشنی مەرگ و لێکترازان و لەدەستدانی ئەندامانی خێزان، لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت کە خەیاڵ و یاریکردن، ئەو هێز و دڵنەوایی و ئاسوودەیی دەروونییە دابین دەکات کە منداڵ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکان و بەرگەگرتنی ئازارەکانی لەدەستدانی ئازیزانی پێویستی پێیەتی. سوزان ئوستین لە دروستکردنی «شانۆی تراژیدی منداڵان» بە پێشەنگێک دادەنرێت، کە باس لە پرسەکانی

خێزانی هاوچەرخ دەکات وەک جیابوونەوەی دایک و باب لە یەکتر و مەیخواردنەوەی دایک و باوک و کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی منداڵان.

ئوستین شانۆنامەی «میدیا»ی یۆرپیدسی لەگەڵ شانۆنامەنووس Per Lysander پێر لیساندەر لە ژێر ناوی «Medeas barn منداڵەکانی مێدیا» نووسییەوە. شانۆنامەکە لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ یەکەم جار نمایش کرا و دواتر وەرگێڕدرایە سەر چەند زمانێکی دیکە. «منداڵانی مێدیا» ئەزموونێکی ناوازەیە سەبارەت بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی دەقێکی کلاسیک و گونجاندنی بۆ شانۆی منداڵان. هەردوو نووسەر دوو ئاستی هاوتەرییبیان لەناو دەقەکەدا دروست کردووە: یەکەمیان ژینگەی کلاسیکی دەقە ڕەسەنەکەیە، وەک ئەوە کە یۆرپیدس بەرجەستەی کردووە، دووەمیان موتوربەکردنی دەقە کلاسیکییەکەیە بە کێشەکانی دایک و بابی ئەمڕۆ و ڕەفتاریان لەگەڵ منداڵەکانیان چۆنە، هەروەها چۆن و بە چ شێوەیەک منداڵەکانیان باجی ڕەفتاری ناڕەوا و سەرەڕۆیی و هەڵەشەکانیان دەدەن. لە ئاستی یەکەمدا دایک و باوکەکە دەبینین، مێدیا و جەیسۆنی هاوسەری کە بە زمانێکی ئەدەبی کلاسیکی قسە دەکەن، وەک ئەو زمانەی کە یۆرپیدس بەکاری هێناوە. لە ئاستی دووەمیشدا منداڵەکان، مێدیای گەنج و جەیسۆنی گەنج، هەردوو بە زمانی ئەمڕۆ قسە دەکەن.

## شانۆی بووکەڵە و گەشەسەندنی لە سوێد

شانۆی بووکەڵە Marionetteater لە پێشکەوتنی شانۆی منداڵان، لە وڵاتی سوێد، پێگەیەکی بەرچاوی هەیە. هونەرمەند Michael Meschke مایکل مێشکی، کە لە وڵاتی پۆڵەندا، لە دایک بووە و پاشتر لە ستۆکهۆڵم بیشتەجی بوو، بە پێشەنگی ئەم هونەرە دادەنرێ. مایکل مێشکی لە ساڵی ١٩٣٩دا بە منداڵی لەگەڵ خێزانەکەی لە ئەڵمانیای نازی هەڵاتووە و لە سوێد نیشتەجێ بوون. مێشکی شێوازێکی تایبەتی لە بووکەڵەسازیدا هێنایە کایەوە کە بوو بە ڕێچکەیەکی جیاهەڵکەوتوو لەم هونەرەدا.

مێشکی، یەکەم نمایشی گرووپی بووکەڵەکانی لە ساڵی ١٩٤٩ لە هەمان قوتابخانەدا ڕێک خست کە باوکی تێیدا وانەبێژ بوو. ئەم هونەرمەندە لە پاریس پانتۆمایمی خوێندووە، لە ئەکادیمیای شانۆی بووکەڵە لە ئەڵمانیا و ئۆپێرا لە سالزبۆرگ و ئەکادیمیای هونەری شانۆ لە شاری ئەڤینۆنی فەرەنسا درێژەی بە خوێندن داوە. مێشکی بە کاری بەردەوام بەبێ کۆڵدان و ماندووبوون، نمایشە بەناوبانگەکانی لە شانۆیەکی تایبەت بە خۆی (شانۆی بووکەڵەی مایکل مێشکی) پێشکەش دەکرد. ئەم شانۆکارە ڕێبەرە، لە قوتابخانەکانی سەرتاسەری سوێددا بەرهەمەکانی نمایش دەکرد، پاشان گەشتی هونەری بۆ زۆر وڵات کرد، کۆی نمایشەکانی ٣٠ بەرهەمی تێپەڕاند. زۆربەیان لە دەرەوەی سوێددا پیشان دران. بابەتی نمایشەکانی لە چیرۆک و ئەفسانە و داستانە کۆنەکانی وەک ئۆدیسێی هۆمێروس وەردەگرت، هەروەها شانۆنامە بەناوبانگەکانی وەک خەونەنمایشێکی ئۆگست سترینبێرگ و ئوبو پاشای ئەلفرێد جاری وەک کەرەستە بۆ نمایشەکانی بەکار دەهێنا.

جگە لە نمایشەکانی خۆی و داهێنانەکانی، مێشکی ژمارەیەکی زۆری لە شانۆکاران لەسەر هونەر و تەکنیکی بووکەڵەسازی پێگەیاند، بۆیە دەکرێ بڵێین کە ئەو ڕۆڵێکی گەورەی لە پەرەپێدانی بووکەڵەسازی لە سوێددا بینی.

هەر لە دەستپێکی کارەکانییەوە لە ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٩٨ مێشکی بەردەوام بوو لە پێشکەشکردنی نمایشی بووکەڵە و نمایشەکانی بە شێوازێکی مۆدێرن پێشکەش دەکرد کە کاریگەری لەسەر زۆر لە شانۆکارانی شانۆی

بووکەڵەدا هەبوو. تاقیکردنەوە ناوازەکانی و نمایشە نوێیەکانی و ئەزموون و سۆراخ و پشکنینی بە دوای فۆرم و شێوازی نوێدا، هاوکات هەڵبژاردنی زیرەکانەی دەقی نمایشەکانی، وای لێ کرد ببێتە پێشەنگێکی دیار لە هونەر و تەکنیکی بووکەڵەسازیدا.

## شانۆی بووکەڵەی Tittut تیتووت وەک مۆدێلێک

شانۆی بووکەڵەی تیتووت لە ساڵی ١٩٧٧ دامەزراوە، ئێستا پتر لە چل ساڵە بەردەوامە و نمایشەکانی بۆ منداڵانی تەمەن دوو ساڵ و سەرووتر پێشکەش دەکات. شانۆی بووکەڵەی تیتووت یەکێکە لە شانۆ هەرە دیارەکانی شانۆی منداڵ لە ستۆکهۆڵم. ئەم شانۆیە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، تایبەتە بە پێشکەشکردنی نمایشی چێژبەخش و سادە بۆ منداڵان، بەو شێوازی کارکردنە، هەر لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە، منداڵان ئاشنای شانۆ دەکەن. یەکێک لە نەریتە درێژخایەنەکانی تیتووت بریتییە لە ڕێکخستنی گردبوونەوە و کۆبوونەوەی پێناساندن پێش دەستپێکردنی نمایشەکە. منداڵان لەو دیدارەدا ئەکتەرەکان دەناسن و ئاشنایەتییان لەگەڵدا پەیدا دەکەن. شانۆکە دوو پانتایی بۆ نمایش تەرخان کردووە، یەکێکیان دەکەوێتە ناوەڕاستی ستۆکهۆڵم و ئەوی دیکەیان لە گەڕەکی Tenstaیە، کە یەکێکە لە گەڕەکەکانی ستۆکهۆڵم و زۆربەی دانیشتووانی سوێدی نین.

منداڵانی ستۆکهۆڵم لە میانەی نمایشەکانی شانۆی تیتووتەوە ئاشنای بەناوبانگترین کتێبی ئەدەبی منداڵان دەبن، لەوانە چیرۆکی (شازادە بچکۆلانەکە)ی نووسەری فەرەنسی Antoine de Saint- Exupéry سانت ئێکسوپێری، کە وەرز لە دوای وەرز نمایش دەکرا و ژمارەی منداڵان بۆ بینینی نمایشەکە بەردەوام لە زیادبووندا بوو.


سەرچاوەکان:

- Unga Klara: barnteater som konst / red.: Monica Sparby; Publicerad: Stockholm; Gidlund, 1986.
- Barnteater - myter och meningar, Viveka Hagnell, Liber, 1983 -Kristianstad, Elsa Olenius och Vår teater: Elsa Olenius and Vår teater / Anita Lindvåg.
- Sex pjäser för barn och ungdom, Astrid Lindgren, Rabén & Sjögren 1950 Karlshamn.
- Och nu då? Barnteatern inför 2000-talet, antologi utgiven av Statens kulturråd och ASSITEJ, 2000 Stockholm.
- Pippi på scen, Astrid Lindgren och teatern, Martin Hellström, Makadam förlag, 2015.
- Halmstad Vår Teater - de första 60 åren, Kent Hägglund, Kulturskolan Stockholm/ Stockholms kulturförvaltning, Stockholm 2000.
- Vår teater: Elsa Olenius and Vår teater / Anita Lindvåg.
- Theatre for Development, Experiences from an international theatre project in Asia, Swedish Centre of the ITI, Kristianstad 2009.
-Teater i Sverige, anthology, Gidlunds förlag, Södertälje 2004.
- Barndramatik och barndomsdiskurser, Karin Helander, Studentlitteratur, Lund 2014.
- Ny svensk teaterhistoria, del 3, Gidlunds förlag, Riga 2007.